# ١- کێ ئەم مافەی هەیە ؟





## هەموو منداڵەکان مافی گەیشتنیان هەیە بە خوێندنی قوتابخانەیی لە یۆنان، بێ فەرق جیاوازی.

تاکە مەرجێك بۆ ناونوسینی منداڵەکان لە قوتابخانە کوتانە، ئەوەش شتێکە لە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی دایە.

بەرنامەکەی وەزارەت تەرکیز دەکاتە سەر بەخشینی گەیشتن بە خوێندن بۆ منداڵەکانی ٤- ١٥ ساڵان، کەوا لە تەمەنی خوێندنی قوتابخانەیی ناچاریین (ئیجبار) – لە باخچەی منداڵانەوە تاکو قۆناغی ناوەندی. دوو هەڵبژاردنی خوارەوە هەن بۆ ئەوەی هەموو منداڵە پەنابەرەکان لە سیستەمی خوێندنی یۆنانی دەگرێتە خۆ.

### ئەو منداڵانەی لە بنکەکانی (کەمپەکان) شاردان



**منداڵانی تەمەن ٤ تاکو ٥ ساڵی**

دەتوانن لە باخچەی منداڵانی گشتی ناوی بنوسن.


**منداڵانی تەمەن ٦ تاکو ١٥ ساڵی**

کە لەشارەکان دادەنیشن دەبێت لەو قوتابخانانەی نزیکن لە شوێنی ماڵەکانیان خوێندن تەواو بکەن و ناویان بنوسرێت لە پۆلەکانی بەیانیان. قوتابخانەکان حاڵی حازر دەدۆزرێنەوە لەلایەن وەزارەتەوە، بۆئەوەی دابەشکردنی منداڵەکان یەکسان بێت لەسەر قوتابخانە هەڵبژێردراوەکان. هەروەها وەزارەت گەیشتن بە پۆلە بەیانیەکانی پێشوازی بۆ منداڵە پەنابەرەکان و کۆچبەرەکان هەڵدەسوڕێنێت، کەوا زمانی یۆنانی فێردەکرێت وەکو زمانی دووەم.

**منداڵانی تەمەن ١٦ تا ١٨ ساڵان**

لەگەڵ ئەوەی خوێندن بەناچاری(ئیجباری) نیە، وەزارەت پۆلی پێشوازی لە دواناوەندیە هەڵبژێردراوەکان یان دواناوەندی پیشەیی دیاردەکات، کەوا زمانی یۆنانی وەکو زمانی دووەم فێردەکرێت.

### ئەو منداڵانەی لە بنکەی کراوەی کاتی میوانداری (کەمپ) دان



**منداڵانی تەمەن ٤ بۆ ٥ ساڵی.***

مافی ئەوەیان دەبێت باخچەی منداڵان تەواو بکەن، ئەوانیش لەناو بنکە کراوەکانی میوانداری کاتی (کەمپی کراوە) دەکرێنەوە.

**منداڵی تەمەن ٦ بۆ ١٥ ساڵی**

چاودێرەکانی خوێندنی پەنابەران دایك و باوکان ئاگاداردەکەنەوە ئەگەر منداڵەکانیان ١- قوتابخانەی بەیانیان تەواو دەکەن، ٢- لە بنکەی پێشوازی خوێندن پەنابەران (ب پ خ پ) ناویان دەنوسن، کەوا لە کاتژمێر ١٤،٠٠ بۆ ١٨،٠٠ لە قوتابخانە سەرەتاییە درواسێکان کە لەلایەن وەزارەتەوە دیاریدەکرێت. لەوێ یۆنانیان فێردەکەن وەکو زمانی دووەم، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، وەرزش، هونەر وکۆمپیوتەر.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەری (ڕ ك ن) گواستنەوەی منداڵە پەنابەرەکان دابین دەکات، لە بنکە کراوەکانی میوانداڕێتی کاتیەکانەوە (کەمپەکان) بۆ قوتابخانە هەڵبژێردراوەکان بە پاس وە چاودێری (ڕ ن ك)یشان لەگەڵ دەبێ.

* بەپێی سیستەمی قوتابخانەی یۆنانی و بڕیاری نوێ وەزارەتی
** بەپێی سیستەمی قوتابخانەی یۆنانی و بڕیاری نوێ وەزارەتی

CHILDREN 4-5 years old

CHILDREN 6-18 years old

# کێ نەخشەی چڕوپڕی بەرنامەکە دادەڕێژێت؟

وەزارەتی پەروەردە، لێکۆڵینەوە و ئایینەکان سەڵاحیەتی تەواوی هەیە لە نەخشە دانان و جێ بەجێ کردنی بەرنامە خوێندنە فەرمیەکان.

ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگگرتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تر، لەکاتێکدا وە ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە بڕوانامەی پێویست لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە تواناى جێ بەجێکردنی بەرنامەی خوێندنی نافەرمی و وانەدانەوەی زمانی دایکیان هەیە بۆ منداڵان. بۆ ئەو منداڵانەی لەتەمەنی خوێندنی ناچاری دان دەتوانن ئەو بەرنامانە ڕێکبخرێن تەنها لەو ڕۆژ وکاتژمێرانەی کەوا ناکەونە هەمان کات وڕۆژی بەرنامەی خوێندنی فەرمی.

# کرداری ناوتۆمارکردن کامەیە؟

### بۆ ئەو منداڵانەی لە بنکەکانی(کەمپ) شار دەمێننەوە

دایك و باوکان دەبێت منداڵەکانیان تۆمار بکەن، لە قوتابخانەکانی نزیك شوێنی مانەوەیان.

بەڵگەنامە داواکراوەکان کارتی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی قوتابی، دەفتەری کوتانەکان و کارتی کەسی تەندروستی قوتابی (ك ك ت ق) هەروەها بڕوانامەکانی خوێندن لە وولاتەکەی (خۆی ئەگەر هەبن).

زۆربەی جار داوای وەسیقەی ماڵی دەوێت،، هەروەك بۆ نمونە ناونیشانی شوێنی مانەوە، ئەگەر ئەو کەسە لە کەمپێك بمێنێتەوە یان گرێبەست/ وەسڵی شوقە بەکرێگیراوەکە/ خانوەکە.

لە حاڵەتی پەنابەران، نەبوونی هەموو بەڵگەنامە پێویستەکانی داواکارانی پەنابەری یان کەسە ئاوارەکانی تر قەبوڵدەکرێن.بەڕیوەبەرەکانی قوتابخانەکان ئەم حالەتە تایبەتیە دەزانن و یارمەتی پێویست پێشکەش دەکەن.

### بۆ ئەو منداڵانەی لە بنکەی کراوەی میوانداری کاتی (کەمپ) دەمێننەوە

چاودێرەکانی خوێندنی پەنابەرەکانی هەر بنکەیەکی میوانداری دایك و باوکان ئاگادار دەکەنەوە دەربارەی ئەو قوتابخانە کە منداڵەکانیان خوێندن تەواو دەکەن، وەهەروەها بە ووردیش ئاگاداریان دەکەنەوە سەبارەت بە گواستنەوەیان لە بنکەی مێوانداریەوە وە بەرەو ئەوێش.

چاودێرەکانی خوێندنی پەنابەران داوای بەڵگەنامەی ڕەزامەندی دایك و باوکان دەکەن بۆ گواستنەوەی منداڵان بە پاس کەوا لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەری دابین دەکرێت بە چاودێرە هەلبژێردراوەکان.

چاودێرەکانی خوێندنی پەنابەران هەموو بەڵگەنامە پێویستەکان کۆدەکەنەوە بۆ ناونوسین (بۆ نمونە کارتی پەنابەرییێتی، دەفتەری تەندروستی بڕوانامەکانی خوێندن لە وولاتی خۆیان، بەڵگەنامەی ڕەزامەندی بۆ گواستنەوەیان، هتد) بۆ هەموو منداڵەکان لە بنکەی مێوانداری کەوا هەر کەسێك بەرپرسە.

چاودێرەکانی خوێندنی پەنابەران هەموو ئەو بەڵگەنامانەی سەرەوە دەدەن بە ئەو کەسەی بەرپرسە لە تۆمارکردنی منداڵەکان لەهەر قوتابخانەیەك دا.

# گەیشتن بەخوێندن

## زانیاریـەکان بۆ دەستەی کارگێڕی بنکەکانی میوانـداری (کەمپ) و دایك و باوکە پەنابەرەکان



## گەیشتن بە خوێندن لە قوتابخانە گشتیەکانی یۆنان پەنابەرەکان ناچارناکات بەمانەویان لە یۆنان

خوێندنی منداڵەکانی پەنابەران لەبەر دەست دایە و بەناچارییە بۆ ئەو ماوەیەی کە لەیۆنان دەمێننەوە و سودمەندە بۆیان لەکاتێکدا جێگیری و ئاساییەتیان پێشکەش دەکات. لەگەڵ ئەوەش بڕوانامەی بەشداریکردنی وانەکانیان پێدەدات، کاتێك کە یۆنان بەجێدەهێڵن.

وەزارەتی پەروەردە ناونوسینی منداڵانی پەنابەران لە قوتابخانەکان ئاسان دەکات لەکاتی نەبوونی هەموو بەڵگەنامە پێویستەکان. دایك و باوکان کەوا هەموو بەڵگەنامە پێویستەکانیان نیە دەبێت ئەوان منداڵەکانیان لە قوتابخانەکان بنوسن و پشتگیری دەکرێن لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە لەم هەوڵانەیاندا.

بۆ ئەوەی هەموو منداڵە پەنابەرەکان لەو قوتابخانانەی کە پۆلەکانی پێشوازیکردن کاردەکەن دابندرێن لە دەوامی بەیانیان، دایك و باوکان دەتوانن ئاراستەی بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان بن.

## 4 کەی منداڵەکان دەتوانن گەیشت بە خوایندن بەدەست بهێنن؟

قوتابخانە بەیانییەکان دەستیان بەدەوام کردووە، لە حاڵەتێکدا لەهەمان کاتدا ناوتۆمارکردن لە پۆلەکانی پێشوازی ئێواران لە کەمپە کراوە کاتیەکان دەست پێدەکرێن.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:
http://www.minedu.gov.gr/ekpaideusi/refug-educ
پەیوەندیش بە ناونیشانە ئەلیکترۆنیە (ئی مەیل) ەوە بکەن:
info-refugee-education@minedu.gov.gr

دەستەی کارگێڕی کە لە کەمپەکان کاردەکات، ئەگەر پرسیاری هەبێت یان پێویستی بە پشتگیری زیاتر بێت لە پەیوەندی کردن بە دایك و باوکان و منداڵە پەنابەرەکان دەتوانێت پەیوەندی بکات بە کۆمەڵەی پیشەی یۆنانی بۆ خوایندن لەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیەوە (ئی مەیل):
eswg.greece@gmail.com

زۆر سوپاسی هاوکاریتان دەکەین !

دیسێمبەر ٢٠١٧

بە پشتگیری لێژنەی ئەورووپی & یونیسێف

Picture Credit: © UNICEF